ئەم دووانە (پۆشینیان) حەرامکراوە لەسەر پیاوانی ئومەتەکەم، وبۆ ئافرەتان حەڵاڵکراون

لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم- (قوماشی) ئاوریشمی بەدەستی ڕاستی گرت، وئاڵتونی بەدەستی چەپی گرت، پاشان بەرزی کردەوە، وفەرمووی: «ئەم دووانە (پۆشینیان) حەرامکراوە لەسەر پیاوانی ئومەتەکەم، وبۆ ئافرەتان حەڵاڵکراون».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والنسائي وابن ماجه]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جلێك یان پارچەیەك لە قوماشی ئاوریشمی بەدەستی چەپی گرت، وئاڵتونێك لە خشڵ یان شتێکی هاوشێوەی بەدەستی ڕاستی هەڵگرت، پاشان فەرمووی: ئاوریشم وئاڵتون؛ حەرامە پۆشینیان لەسەر پیاوان، وحەڵاڵن بۆ ئافرەتان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4292